## لەپێناو ڕێگریکردن لە دووبارە دواخستنەوەی هەڵبژاردندا:

## پەرلەمانی کوردستان ناکرێت چیتر پەکی دانیشتنەکانی بخات!

پەرلەمانی کوردستان کە لە (٢٠٢٢/١١/٦) وادەی یاسایی بەسەردەچوو و دەبوایە هەڵبژاردنی بۆ خولی شەشەم ئەنجامبدرایە، کەچی لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/٩) بەپێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ "تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣" تەمەنی خۆی درێژکردەوە. بیانوی پەرلەمان لەم درێژکردنەوەیەدا، کە لە هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، بریتی بوو لە:

١-ڕێگری کردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی.

٢-گەرەنتیکردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

٣-تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد.

٤-دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد.

٥-ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی.

ئەمە لەکاتێکدا هەموو ئەو ئەرکانە لە ئەستۆی پەرلەمان بوون و لە چوار ساڵی تەمەنیدا ئەنجامی نەدابوون، کەچی لەو ڕۆژەوەی تەمەنی درێژکردۆتەوە تا ئێستا کە (٧٠) ڕۆژ تێپەڕیوەو خولی گرێدانەکە خەریکە کۆتایی دێت، جگە لەوەی چوار دانیشتنی کردووە، بەلام هیچ کامیان پەیوەندیان بەم بابەتەوە نەبووە، هیچ پرۆژەیەکی ئامادەنەکردووەو هیچ ڕاپۆرتێکی پێشکەش نەکردووە، بەهیچ شێوەیەك بەلای ئەو پرسانەدا نەچووەو هیچ کۆبوونەوەیەکی لەمبارەیەوە ئەنجامنەداوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو خولی گرێدان خەریکە کۆتایی دێت، کەچی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەبیانوی جیاجیاوە پەکی دانیشتنەکانی خستۆتەوە، لەسەرەتای ساڵی تازەشەوە پشوی وەرزی پاییزە دەست پێدەکات و تا سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو هیچ دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجامنادرێت و ڕەوشەکە بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێت.

ئەمە لەکاتێکدا وەك کاردانەوە بەرامبەر درێژکردنەوەی پەرلەمان، فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن (هەڵوێست)ی جیاجیایان نواند، سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتوو و ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەشکرد، سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری و چوار ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان و ئەندامێکی سەربەخۆکان بایکۆتی دانیشتنەکانیان کرد. کەچی لەبەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٢٢/١١/١٦) ڕایگەیاند: "لەمەودوا ناوی ئامادەنەبووان دەخوێندرێتەوەو ئەو ئەندامانەی بەناوی بایکۆتەوە ئامادەی دانیشتنەکان نابن، ماددەی (٢٢، ٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیان بەسەردا جێبەجێ دەکەین". مەبەستی سەرۆکی پەرلەمان ئەوە بوو ئەگەر بەردەوام بن لەسەر بایکۆتکردن و ئامادەی دانیشتنەکان نەبن، ئەوا بە ئامادەنەبوو هەژمار دەکرێن و مافی ئەندامێتیان لێدەسەندرێتەوە. کەچی نەك هەر ئەو بەڵێنەی بەجێنەگەیاند بەڵکو بەبیانوی ترەوە دەستەی سەرۆکایەتی بەجۆرێك لە جۆرەکان پەرلەمانیان پەکخستووەو دانیشتنەکانیان ڕاگرتووە.

لەڕاستیدا بەپێی پەیڕەوەکەی خۆی و ئەو یاسایانەی دەریکردوون، لەماوەی ئەو (٧٠) ڕۆژەی ڕابردوودا پەرلەمان پێویست بوو ئەم کارانەی بکردایە:

**یەکەم:** کاری پەلەی پەرلەمان ئەوەبوو هەروەك لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١) دا هاتووە "پێویستە ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕیی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد تەواو بکرێت و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت"، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە:

١-پرۆژەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئامادەبکردایە و خوێندنەوەی بۆ بکردایەو کاری بۆ پەسەندکردنی بکردایە.

٢-کاری بۆ یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتمانی بکردایە.

٣-کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کارابکردایەتەوە.

٤-هەنگاوی بنایە بۆ ئامادەکردنی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك و بێگەرد.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە پەرلەمان نەك هیچکام لەو ئەرکانەی ئەنجامنەدا، بەڵکو هیچ هەنگاوێکیشی نەنا بۆ ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێ بۆ بەجێگەیاندنیان.

**دووەم:** بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (١)ی ئەو یاسایەی تەمەنی خۆیان پێ درێژکردەوە هاتووە کە: "خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣، لە سەرجەم کار و ئەرکەکانی، بەردەوام دەبێت". بەپێی ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی مادەی (٥١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەبوو لەو ماوەیەدا پەرلەمان (٣٣) دانیشتنی بکردایە سەبارەت لە پەسەندکردنی یاساو چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن، بەلام پەرلەمان لەمەشیاندا کەمتەرخەم بوو و تەنها (٤) دانیشتنی ئەنجامداوە.

**سێیەم:** (هەڵوێست)ی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن جیاجیایەو هەندێکیان جێگەی پرسیارە، پێویستە لە ئێستادا هەموو خەمێکیان ئەوە بێت ئامادەکاری بکرێ بۆ هەڵبژاردنێکی بێگەرد. چونکە بایکۆت بۆ بابەت یا ماوەیەکی دیاریکراوە، بەلام بابەتی درێژکردنەوەی پەرلەمان بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ئەم خولە، ئایا کاردانەوەی بەشێك لە ئۆپۆزسیۆن و بەردەوامبوونی بەم شێوازە خزمەت بە پرسەکە دەکات؟

کاتێك لە رۆژمێری کارەکانی پەرلەمان ورد دەبینەوەو هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی دەکەین، ئەگەر لە مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو (٢٠٢٣)دا پەرلەمان کێشە دەستنیشانکراوەکانی چارەسەر نەکردبێت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەم شێوازە پەرلەمان ناتوانێت ئامادەسازییەکان بکات و دیسانەوە لەوادەی دەستنیشانکراوی دواخراودا هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت و سەرلەنوێ پەرلەمان جارێکی تریش تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە، چونکە بەپێی ئەو خشتەی کاتەی لەبەر دەمی پەرلەماندایە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارە پەیوەندارەکانی هەلبژاردن تەنها دوو مانگی کارکردنی ناو خولی گرێدانی بەهارەیە، کە ئەمەش مکاتێکی زۆر کورتە.

لەکۆتاییدا، بۆ ئەوەی هیچیتر تەمەنی پەرلەمان درێژ نەکرێتەوە و لەوە زیاتر ئەزمونی هەرێم لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستەکانی لەکەدارتر نەبێت، پێویستە:

١-پەرلەمانی کوردستان لە زووترین کاتدا کار بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بکات لەنێوان لایەنە سیاسیەکان بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگیەکی نیشتیمانی.

٢-لایەنە سیاسیەکان لەئێستاوە هەموو خەمێکیان ئەوەبێت کە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد.

٣-سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنەکانی دەستپێبکاتەوەو تەنانەت پشووی خولی پاییزەش وەرنەگرن، پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هەلبژاردن بخەنە بەرنامەی کارەوەو پەسەندی بکەن، کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان کارا بکەنەوەو بێ یاسایی کۆمسیۆنەکە کۆتایی پێ بهێنن و خەسڵەتی پەلە (صفة الاستعجال) بە پرۆژەیاساکان بدەن.

٤-بە هەماهەنگی لەنێوان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەچاودێری پەرلەمان بڕیار لە تۆمارێکی بایۆمەتری بێگەرد بدەن.

٥-لە زووترین کاتدا سەرۆکی هەرێم وادەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان دەستنیشان بکات.

خۆ ئەگەر ئەمانە نەکرێن، بەدڵنیاییەوە بارودۆخێکی نائاسایی ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، چونکە بەو هەموو تێبینیانەشەوە کە لەسەر پەرلەمانی کوردستان هەیە، هیچ بژاردەیەکی تر لەدەرەوەی پەرلەمان نیە و ئەلتەرناتیڤێکی باشتر و گونجاوتر نە پێشنیازکراوەو نە هەیە. هەر بۆیە ناکرێ بەبیانووی لاوازی پەرلەمانی ئێستاوە ئەم پرۆسە گرنگە پشتگوێ بخرێ و زۆرینەیەکی خۆسەپێن لە حوکم کردن بەردەوام بن.

**تێبینی:** ئەگەر هەڵبژاردن بەپێی میکانیزمە کۆنەکە بکرێت ئەوا کۆمسیۆن شەش مانگی پێویستە هەروەك لە خشتەکەدا هاتووە، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاری بکرێت و تۆماری بایۆمەتری بەکاربێت، ئەوکاتە پرۆسەکانی (کڕینی ئامێری ناسینەوەی زیرەك، تەندەرین، گرێبەست، هەمواری یاساو گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی بایۆمەتری، راهێنانی فەرمانبەران و چەندین بابەتی تر) بەلای کەمەوە پێویستە ساڵێك لەبەردەمی کۆمسیۆندا بێت.

## خشتەی خەملێنراو بۆ کارەکانی پەرلەمان لەپێناو ئامادەکاری هەڵبژاردن

| مێژوو | ماوە | تێبینی |
|---|---|---|
| 2022/12/21 تا 2022/12/31 | (10) رۆژ | خولی گرێدانی پایزەیە، پێویستە پەرلەمان لە کۆبوونەوەکانی بەردەوام بێت، بەلام رایگرتووە. |
| 2023/1/1 تا 2023/2/28 | (2) مانگ | پشوی خولی گرێدانی پایزەیەو هیچ دانیشتنێکی ئاسایی ناکرێت. |
| 2023/3/1 | - | دەستپێکردنی دانیشتنەکانی خولی گرێدانی بەهارەیە. |
| 2023/3/1 تا 2023/4/30 | (2) مانگ | دەبێت لەو ماوەیەدا پەرلەمان سەرجەم ئەو ئامادەکاریانەی لەسەریەتی تەواویان بکات.<br>1-سازانی نێوان لایەنە سیاسیەکان.<br>2-هەمواری یاسای هەڵبژاردن.<br>3-کاراکردنەوەی کۆمسیۆن.<br>4-ئامادەکردنی تۆمارێکی بایۆمەتری بێگەرد. |
| 2023/5/15-2023/5/1 | (15) رۆژ | ماوەی یاسایی واژۆکردنی یاسای هەڵبژاردن لای سەرۆکی هەرێم. |
| 2023/5/15 | (1) رۆژ | دەستنیشانکردنی رۆژی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی هەرێم. |
| 2023/6/1 تا 2023/11/29 | (6) مانگ | ماوەی ئامادەکاریەکانی کۆمسیۆن بۆ هەلبژاردن. |
| 2023/11/30 | (1) رۆژ | رۆژی هەلبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان. |
| 2023/12/1 تا 2023/12/31 | (1) مانگ | جیاکردنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی ئەنجامەکان. |
| 2024/1/1 | (1) رۆژ | یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێت. |

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٢/١٢/٢٢**